SORANI

# ئەمە دەزگای گونجێنکاریی
# منداڵ و لاوانە لە Dalarna

**Landstinget**
**Dalarna**
**2005**


Invandrarenheten
Borlänge kommun

**Invandrarenheten**
Tolkförmedling
781 81 Borlänge
Tel. 0243-74900
Fax. 0243-66002


Översatt av Sirwan Bazirgan

# لێرەدا زانیاریی و هەلومەرجی پتر هەنە
# بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی تردا

www.rbu.se
یەککرتەی گشتی بۆ منداڵان و لاوانی کەمئەندام RBU (08-677 73 00)

www.fub.se
کۆمەڵەی منداڵان و لاوان و گەورەساڵانی گەشەشێواو - FUB (08-508 866 00)

www.autism.se
کۆمەڵەی گشتیی ئاوتیزم ـ FA (08-702 05 80)

www.attention.riks.nu
یەککرتەی گشتیی سەرنج (08-709 22 60)
ئەم ڕێکخراوەیە تایبەتە بە کۆسپەکانی گوزەرانی دەردە مێشکەدەماری و دەروونییەکانەوە

www.sallsyntadisgnoser.nu
یەککرتەی گشتیی دیاگنۆسە (نەخۆشی) دەگمەنەکان (08-764 49 99)
50 دەستەی کەمئەندام لە خۆی دەگرێ

www.dhb.se
یەککرتەی گشتی بۆ منداڵانی کەڕ و گوێناتەواو و زمانشێواو (019 17 08 30)

www.dunsnhr.se
لاوانی سوێدی کەمئەندامی تایبەت بە مێشکەدەمارەکان DUNS (08-6777010)

www.ungarrorelsehindrade.se
یەککگرتەی گشتیی لاوانی کەمئەندام(80 80 685-08)

www.hjarnkraft.nu
یەککگرتەی گشتیی مێشکزیانداران- هێزی مێشک (30 45 447-08)

کۆمەڵێکی زۆرتر دەدۆزیتەوە لە ڕێکخراوە و یەککگرتەی وەرزش و ئەلقەی تری گرنگ لە
www.itdalarna.se/hab

# ئەمە دەزگای گونجێنکاریی
# منداڵ و لاوانە لە Dalarna

گونجێنکاریی منداڵان و لاوان (BUH) ئەو چالاکییەیە کە لە دەڤەرەکەدا، واتا لە (landsting)، بەڕێوە دەچێت بۆ یارمەتیدانی ئەو منداڵ و لاوانەی کە کۆسپی گوزەرانیان هەیە، ئەمە شانبەشانی یارمەتیدانی کەسوکاریان. ئەم پاڵپشتییە دەبێتە بنەمایەک بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی منداڵان و لاوان بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە هەیانە، سەبەرخۆ ببن، بەشداری بکەن لە چالاکییەکانی نێو ماڵدا، لە فێرگە و هەروەها لە کۆمەڵگەدا.

ئەم گونجێنکارییە بۆ ئەوانەیە کە تەمەنیان لەژێر 18 ساڵدایە و ئەمانەی خوارەومیان هەیە:

- گەشەی گشتیی دواکەوتوو چ دەروونی، چ جموجۆڵەکی یان پەیڤ- و زمانەکی.
- کۆسپ و تەگەرەی جووڵانەوە.
- شێواویی گەشەسەندن.
- ئاوتیزم یان ئاسپێرگەر.
- ADHD ی گران.
- زیانی مێشکی کە لە پێش 16 ساڵییەوە بەرپابووە و بووەتە هۆی کۆسپ و تەگەرەی جووڵەکی هەمیشەیی.
- گوێگرانی یان کەری بە مەرجێک منداڵەکە لەژێر 8 ساڵەوە بێت.

دەزگای گونجێنکاریی ناوبراو لە Dalarna سەرچاوەیەکی تایبەتە و تێکڕای دەڤەرەکە بەخۆیەوە دەگرێ کە بریتییە لە 5 شوێنەوار.

# ئەرکی گونجێنکاریی منداڵان و لاوان

بە هاوکاریی منداڵان ولاوان لەگەڵ خێزانان، گونجێنکاریی ناوبراو ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

- لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی تەنگوچەڵەمەی منداڵان و لاوان.
- دەبێ بە هۆی بەدیهانانی ئەو هەلومەرجانەی کە دەبنە مایەی پێشکەوتنی منداڵان ولاوان و هەروەها خودی خۆیان دەسکەن بەکارهێنانی تواناکانیان.
- پاڵپشتیکردنی خێزانەکان بە زانیاری و یارمەتیی هەمەجۆر بۆ ئەوەی ژیانیان ئاسوودەتر بێت.
- یارمەتیدانی منداڵان و لاوان و خێزانان بۆ ڕەخساندنی هەل و مۆڵەت بۆ بینینی ئەوانەی هەمان دۆخیان هەیە.
- یارمەتیدانی ئەو خەڵکانی کە لە دەورووپشتی منداڵ و لاودان بە ڕێگای زانیاری دەربارەی هەلومەرج و زەحمەتییەکانی منداڵ و لاوی ناوبراو.

جگه لەمانەی سەرەوە، گونجێنکاری ئەرکێکی تریشی هەیە کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لە کۆمەڵگەدا سەبارەت بە کۆسپەکانی گوزەران و ئەو ئاکامانەی بەرپا دەبن لە ژیانی ڕۆژانەدا.

| |
|---|
| گونجێنکاریی منداڵان ولاوان تەواوکەرێکە بۆ هەوڵ وکۆششی تر لە کۆمەڵگەدا لە بوواری چاودێریی تەندروستی و نەخۆشی، پێشفێرگە، فێرگە، خزمەتگوزاریی کۆمەڵەکی و لەگەڵ گەلێکی تردا. |

## بەم شێوازەی خوارەوە دەتوانیت پەیوەندی بکەی بە دەزگای گونجێنکاریی مندالان و لاوان

**دەزگای ناوبراو لە ناوچەکەدا لە پێنج شوێندا هەیە. هەر یەکەیەکی گونجێنکاری بە شێوەیەکی سەرەکی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بە منداڵان و لاوان و خێزانان لە نێو دەڤەرێکی سنووردارا.**

| | |
|---|---|
| **گونجێنکاری لە Hedamora**<br>**Avesta, Hedamora** | **0225-49 67 60** |
| **گونجێنکاری لە Ludvika**<br>**Ludvika, Smedjebacken** | **0240-49 55 40** |
| **گونجێنکاری لە Borlänge**<br>**Borlänge, Gagnef, Säter** | **0243-49 78 00** |

گونجێنکاری لە Falun 023-49 05 10

Falun, Leksand

گونجێنکاری لە Mora 0250-263 50

Malung, Mora, Orsa, Rättvik, Vansbro, Alvdalen

یەکەی پەروەردەی تایبەت لە Hästberg 023-49 03 48

لە هەموو دەڤەرەکەدا

ناونیشانی ئەلیکترۆنی: habiliteringen.dalarna @ltdalarna.se

# ئەم کاردەستانە هەن لە گونجێنکاریی منداڵان و لاوان

چارەسازی کار

- دەکۆڵێتەوە لە توانای چالاکی و سەرخۆبوون و ڕاهێنان لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا.
- هەمان کار دەکات سەبارەت بە بەکارهێنانی دەست و تواناییی هزری وەک کاتتێگەیشتن و پیلاندانان.
- پێشنیازی گونجاندنی چالاکی، ماڵداری و فێرگە بۆقەرەبووکردنی کۆسپی گوزەرانەکە.

ڕێجیمساز

- دەکۆڵێتەوە لە کێشەکانی خۆراک.
- ڕاوێژکاری و پاڵپشتیکردن سەبارەت  بە چارەکردن بە خواردەمەنی.

## ڕاوێژکاری کاتی ئازاد

- وەک ڕاوێژکارێک بۆ زانیاری سەبارەت بە چالاکییەکانی کاتی سەربەستدا.

## ڕێناسی کۆمەڵەکی

- یارمەتی و پاڵپشتیی خێزانان دەکات لەسایەی گفتوگۆکردندا.
- زانیاری دەبەخشێ دەربارەی ئەو ماف و هەل و مۆڵەتانەی کۆمەڵگە پێشکەشیان دەکات بۆ ئەو خێزانانەی کە خاوەن منداڵی کۆسپدارن.
- بەشداری دەکات بۆ ئەوەی ئەو هەوڵانەی کە کۆمەڵگە دەیاندات بە شێوەیەک ڕێکخرێن کە سودبەخشبن بۆ خێزانی مەبەست.

## زمانساز

- دەکۆڵێتەوە لە گرانییەکانی پەیڤین و زمان، هەوڵی چارەکردنیان دەدات.
- هەمان کار دەکات سەبارەت بە زەحمەتییەکانی چلۆنایەتیی خواردن و خواردنەوە.
- کار دەکات بۆ بەدیهێنانی گۆڕیدەی تایبەت بە شێوازی پەیوەندیبەستن.

## پزیشک

- دەکۆڵێتەوە لە هۆیە پزیشکییەکانی ئەو تەنگوچەڵەمانەی منداڵان و لاوان هەیانە.
- بەرپرسە لەمەڕ چارەسەرکردنی پزیشکی و بەدواچوونی.
- هاوکاری دەکات لەگەڵ پسپۆڕانی تردا وەک دکتۆری ئێسک، دەروونسازی منداڵان، دکتۆری چاو و لەگەڵ گەلێکی تردا.

## دەروونناس

- دەکۆڵێتەوە لە ڕادەی توانا و گوزەرانی منداڵەکە.
- ئامۆژکاری دەربارەی گەشەی منداڵەکە بۆ دایکوباوکی و هەروەها بۆ کارمەندانی پێشفێرگە و فێرگە.
- یارمەتی و پاڵپشتیی منداڵان ولاوان و خێزانەکانیان لەڕێی گفتوگۆکردنەوە.

## مەشقکاری نەخۆش

- دەکۆڵێتەوە لە گوزەرانی جووڵەکیی منداڵ و لاوەکە هەروەها یارمەتی و بەدواچوون جێبەجێ دەکات سەبارەت بە گەشەسەندنی جووڵەکی وتوانای خۆگواستنەوە.
- زانیاری دەبەخشێ دەربارەی ئاکامەکانی کۆسپی گوزەران بۆ گەشەسەندنی جووڵەکی.

- هاوکاری دەکات لەگەڵ دکتۆری ئێسک، بەشی تەکنیکی پزیشکیی ئێسک، نێوەندی کەرەستەی یارمەتی و گەلێکی تر.

برینپێچ (سستەر)

- ئامۆژکاری و پاڵپشتیکردن و زانیاری بڵاوکردنەوە دەربارەی چاودێریکردن و چارەسەریی پزیشکی.
- هاوکاریکردن لەگەڵ نێوەندی چارەسەریی منداڵان، چارەسەریی سەرەتایی، پێشفێرگە، فێرگە و گەلێکی تر.

پەروەردەکاری تایبەت

- کاردەکات بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ منداڵاندا تاکوو کۆرسیساڵانەی یەکەم.
- دەکۆڵێتەوە، بەدوایا دەچێت و پاڵپشتیی گەشەی منداڵان دەکات.
- زانیاری دەدا بە دایکوباوکان و یارمەتیدەران.
- هاوکاری دەکات لەگەڵ پێشفێرگە، فێرگە و بەشداری دەکات لە ئامادەکاریی دەسپێکردنی فێرگەی منداڵ.

# چالاکییە تەواوکەرکانی دەڤەر

**چەند سەرچاوەیەکی دەڤەرەکی تر هەن لە Dalarna:**

لە پێشوازگەی پزیشکیدا، دەرمان دابیندەکرێت بۆ ئەو منداڵ و لاوەی کە پێویستییان بە دەرمانی ADHD هەیە. کارمەندەکانی لە BUP/BUH هاتوون و لە تەنیشت یەکەی فریاکەوتن و یەکەی خێزاندایە.

یەکەی پەروەردەی تایبەتی Hästberg لە falun کە پەروەردەی تایبەت دەبەخشێ بۆ منداڵانی پێشفێرگە و لەگەڵ مەشقکردنیادا لە کاتێکدا کە کۆمەڵێک کۆسپی گوزەرانیان هەیە یان گوێگرانن و کەڕن.

لە هەمان شوێندا تاخمێکی تایبەت بە گوێ هەیە کە پێکهاتووە لە پەروەردەکاری تایبەت ، چارەساز و دەروونناس. تاخمەکە لەگەڵ منداڵانی نێوان 0 و 7 ساڵدا دەکارێت.

داتاتێک

ئەمە بۆ ئەو منداڵ و لاوانەیە کە بە هۆی کۆسپەکانیانەوە ناتوانن یاریکەن و خۆیان خەریککەن وەک منداڵانی تر و هەروەها تاکوو هەنووکە فێری خوێندن و نووسین نەبوونە. منداڵان و باوکودایکان دەتوانن یاریگەریی داتۆر تاقیکەنەوە بە جۆرەها بەرنامە و شماکەکانی تری داتۆر.

کارگەی TI

چەند کۆرسێک پەرپادەکات بۆ ئەو کەسانەی کە کۆسپدارن و بۆ کەسوکار و کارمەندان بۆ ئەوەی TI دابینکەن بۆ ئەو کەسانەی کە زەحمەتیی هزرییان هەیە.

# بەم شێوازە گونجێنکاریی منداڵان ەلاوان کاردەکات

## گونجێنکاری کارێکی دەستەکییە

لە دەزگای گونجێنکاریدا کۆمەڵێک کاردەست هەن کە بە شێوەی تاخم کاردەکەن و شانبەشان لەگەڵ دایکوباوک و خێزان و ئەو کەسە گرنگانەی کە لە منداڵان و لاوان نزیکن. کارمەندان لێرەدا شارەزاییەکی تەوایان هەیە دەربارەی کۆسپەکانی گوزەران وئاکامەکانیان.

هەوڵدان و پیلاندانان لەگەڵ خێزاندا دەکرێت لە سۆنگەی بارودۆخی منداڵ و لاو و خێزانی مەبەستدا. هەوڵ و تەقەلای گونجێنکاری وەڵامی پێویستییەکانی منداڵان و لاوان دەداتەوە لە

چەند ڕەهەندێکدا، وەکوو دەرمانەکی، دەروونناسەکی، کۆمەڵەکی و پەروەردەکی. لە کاتێکدا کە پێویستییەکانی منداڵان و خێزانان لە گۆڕیندان، ئەوسا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەزگای گونجێنکاریی منداڵان و لاواندا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت بە درێژاییی تەمەندا.

چالاکیی دەستەکی، هەفتەگەلی تاخم و فێرکردنی دایکوباوک ڕێکدەخرێن بۆ بەشە جیاوازەکانی دەڤەرەکە.

گونجێنکاریی منداڵان و لاوان هاوکاری دەکات لەگەڵ کۆمەڵێ چالاکیدا لە نێو دەڤەر، شارەوانی و هەوڵکاریی کۆمەڵەکی تر.

# بەم شێوازەی خوارەوە دەتوانیت پەیوەندی بکەی بە دەزگای گونجێنکاریی مندالان و لاوان

دەزگای ناوبراو لە ناوچەکەدا لە پێنج شوێندا هەیە. هەر یەکەیەکی گونجێنکاری بە شێوەیەکی سەرەکی خزمەتگوازری پێشکەش دەکات بە مندالان و لاوان و خێزانان لە نێو دەڤەرێکی سنووردارِدا.

| | |
|---|---|
| گونجێنکاری لە Hedamora<br>Avesta, Hedamora | 0225-49 67 60 |
| گونجێنکاری لە Ludvika<br>Ludvika, Smedjebacken | 0240-49 55 40 |
| گونجێنکاری لە Borlänge<br>Borlänge, Gagnef, Säter | 0243-49 78 00 |
| گونجێنکاری لە Falun<br>Falun, Leksand | 023-49 05 10 |
| گونجێنکاری لە Mora<br>Malung, Mora, Orsa, Rättvik, Vansbro, Alvdalen | 0250-263 50 |
| یەکەی پەروەردەی تایبەت لە Hästbergs<br>لە هەموو دەڤەرەکەدا | 023-49 03 48 |

ناونیشانی ئەلیکترۆنی: habiliteringen.dalarna @ltdalarna.se